www.kurdistannet.org
25-4-2006 12:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**عومەری فارس.. ئاش بەتاڵ... هیوا موحەمەد**

ماوەی سێ ساڵە من ڕۆژانە سێ تا پێنج جار سایتی کوردستان نێت دەکەمەوە و دەیخوێنمەوە، هەروەها هەرچیشم نووسی بێت یەکەم جار بۆ ئەم سایتەم ناردوە، بۆچی؟ چونکە بە سەکۆیەکی ئازادم زانیوە و هەستم کردووە کە پەیڤی ڕەخنە ئامیز و بە سوود لە نووسینەکاندا هەیە و نووسەرەکایش (هەموویان نا ) مام ناوەندیانە بابەتەکان دەنووسن، لە پاڵ ئەمەشدا سەرنووسەری ئەم سایتە ڕوویەکی دیاری توند ڕەوی (تێکدەری) ناو بواری نووسین نەبووە (ئەوەندەی من لە دوورەوە بزانم) لە هەمان کاتیشدا زۆر جار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە کە کاک عومەر زۆر بەدەگمەن شتێک دەنووسێت (کە دەبوا خۆشی خاوەنی چەندین ووتار و لێکۆڵینەوە بوایە نەک هەر بەسوور چەند دێڕێک بنووسێت.) ئەوڕۆ کە لە کاتێکدا کۆمپیوتەرەکەم کردەوە دیسان وەک ڕۆژان نووسینە سوورەکەی سەرەوەم دیت و سەرنجی ڕاکێشام بۆیە بە پەلە خوێندمەوە. بەڵام بەداخەوە، دەبێت ئەو حاڵەتەی بەسەر مندا هات بەسەر زۆری کەشدا هاتبێت کە ئەو بەڕێزە شێوازی منداڵ ئاسا هەموومان دەداتە بەر تف ئەگەر هاو ڕای نەبین.. ؟ دەیەوێت مەلا نەسرەدین ئاسا بڵێ (مەلا مەلا نوێژ دەکات.... درێژ دەکات بە... ی ئەوەی قسەدەکات) ...

هەر وەکو ووتم پێم خۆش بوو کە توانای نووسینەکانی کاک عومەر بزانم، بەڵام نەک بەم شێوە، ئەمە وادەگەیەنێت کە ئێمە خوێنەر و نووسەرانی ئەم سایتە هەموو مان چەکدار بین و فەرماندەکەشمان کاک عومەر بێت، دەبێ بە دڵی ئەو بکەین دە نا تفی دەمی ئەو بە ناوچاوانماندا دێتە خوارەوە.. دەبێ ئەمە بچێتە ناو ئەو ڕایەوە کە دەڵێن (خوا لەون لە کەسێک بگۆڕێت ئاوای لێ دەکات) بۆ دەبێت ئەم کەسە دڵسۆزە و ماندووە بۆ ئەدەبی کوردی و ڕۆژنامە گەری ماوە بە خۆی بدات هەروا بە ئاسانی شێوازی قسە کردنی لەو کەسەوە بگۆڕێت بۆ منداڵ ئاسا و بە شەڕە تف قسەمان لە گەڵ بکات..

ئازارەکانی ئەو میللەتە لەناو هەست و دڵی هەمواندا هەیە، ناهەقی و پێشێلکردنی مافی قوربانیان لای ئێمەش داکۆکی لێ دەکرێت بەڵام نەک بەو شێوەیە، من دەتوانم ئەوەی خۆم هەوڵی بۆ دەدەم و بەڕاستی دەزانم بلاوی بکەمەوە لە ناو کەسانی تردا بەڵام ئەگەر بەقسەی نەکردم، یان شێوازی چارەسەری ئەو جیاواز بوو ئەوە نایدەمە بەر ڕێژنەی تف... عومەر فارس جاری وا هەیە هەندێک نووسین بلۆک دەکات! دەڵێ ڕەچاوی نووسینی نەکردوە، ئەی دەبێ بۆ ئەم نووسینەی خۆی کە هیچی تیادا نە هێشتووە چی لێ بکات لە کاتێکدا ئەگەر هەروا بمێنێ ئەوە وورده وورده کەسە باشەکانی ناو سایتەکەی لێ دوور دەکەونەوە و دەبێ تەنها میوانداری جنێو فرۆشان بکات.. ئەو لە تاوی ئەوەی نا (عەدالەتی) کراوە تفەکانی دەنێرێ بۆ سەرکردەکان، ، فیدرالی، سەربەخۆیی، ئازادی و هونەر دوای ئەمانەش لە بەر ئەوەی قینی بێ مانا هەڵچوونی خۆی لە شتەکاندا گەیشتوەتە لووتکە (بەمەش ناسیاسی بوونی دەردەخات) ئەوە دەکەوێتە تف لە خۆشی و لە ئێمەی خاوەن قوربانی و هەموو نەهامەتیەکانی کە بەسەرماندا هاتووە.. ئەو بۆیە تفەکەی بە ناوچاوانی خۆشیدا داوە چونکە تفی لە دەستەڵات کردوە، بۆیە بە هەموومان دەڵێ چونکە ئەو تف لە خۆی دەکات جا ئیتر خۆ ئێمەی لە خۆی خۆشتر ناوێ... کە تف بە ناوچاوانی خۆیدا بێتە خوارێ ئیتر بۆ ئێمەش هاو کەمپینی نەبین؟!! من ئامۆژگاری ناکەم بە هیچ چونکە لەو باوەڕەدام کە بە شێوازی زۆر سەیرتر لەوەی خۆی لەم لاو لا لەسەری دەدوێن و بۆ خۆشی دەنێرن بەڵام بەلای خۆمەوە تا ئەو داوای لێبووردن لە خوێنەرانی نەکات و بەدەستەسڕی دەستی خۆی تفی ناوچاوانی ئەو خەڵکە نەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی ئەوە من هیچ بابەتێک بۆ ئەم سایتە نانێرم وپێشم وایە لە وانەی کە جنێوفرۆشانە دەدوێن زیاتر هیچ کەسی دیکە میوانی

نابێت، ئەمەش لەو ڕوانگەوە دەڵێم چونکە من ئەوەم لاپەسەند نیە کەس بیەوێت سیاسیانە تفم تێ بکات لای من تف هەر تفە کەسێ تێم بگرێت کاردانەوەی خۆی وەردەگریتەوە، لەو داوایەش بێ دەنگ نابم و دژی ناعەدالەتی دەوەستم لە هەر جێگەیەک بم بەڵام زۆریش لەکەس ناکەم وەک من بن. بەداخەوە کوردستان نێتم زۆر لا خۆشەویستە وهاو بەشی خەمی دەکەم کە بەرێوە بەرەکەی تووشی هەڵەی وا دەبێت.. ئاشبەتاڵێکی لەسەر خۆ چاوەڕوانتە..